# (کەریم پۆستەچی)
## ئەو پیاوەی پۆستەی خۆشەویستی بۆ هەمووان دەهێنا !



شێرزاد عبدالرحمن

سەرنووسەری گۆڤاری
(هەرێمی کوردستان)



لە هەشتاکاندا، لە سەروبەندی کاری رۆژنامەوانی، بە دوای یەکەمەکانی ئەو شارە دەگەڕام، (یەکەم بەرێوەبەری پەروەردە، یەکەم سەرۆکی شارەوانی، یەکەم بەرێوەبەری پۆلیس، یەکەم شوفێری هەولێر ....)، لەناو ئەوانەدا، وەلە هەواڵی یەکەم پۆستەچی لە هەولێر، ناوی(مام کەریم) پۆستەچی هات، کە هەموو ژیانی خۆی بۆ گەیاندنی نامەی خۆشەویستی بۆ خەڵکی ئەو شارە تەرخان کردو ئەو پیاوە، رۆژێ لە رۆژان سەفیری پۆست و دنیای جوانی پۆستە بوو !. ئەوەبوو دوای هەواڵ پرسین و سەروسۆراغی ئەو پیاوە شیرینە، لە یەکێک لە خانووەکانی(تەعجیل)دۆزیمەوە، ئەو گەڕەکەی پڕە لە نەخش و نیگارو نەخشەسازی کۆنە هەولێرو ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەو گەڕەکە، بەشێکی زیندووە لە کەلتووری کۆنە هەولێر و ئەوانەی تێیدا دەژین. خەڵکانێکی تەواو هەولێرین و گەڕەکەکەیان لێ بووە بە بەشێک لە ویژدان و کەلتوری خۆیان.

### کەریم پۆستەچی یەکەم پۆستەچی لە هەولێر !

ناوی تەواوی (عەبدولکریم عەباس عومەر) ناسراو بە (کەریم پۆستەچی) بە گوێرەی گوتەکانی کوڕی گەورەی، کە لەساڵی 1947

ناسنامەی کەسایەتی دەرهێناوە ساڵی 1900 لە دایک بوونی لەساڵی تۆمارکراوە، بەڵام تەمەنی لەوە گەورە ترە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (روشدیە) کە ئەوکات لە گەرەکی خانەقای شاری هەولێر بوو، تەواوکردووە، ئەو زانیارییانەی لەو مەدرەسەیە دەخوێندرا بەرامبەر بە خوێندنی ناوەندی ئێستا بووە و وانەکان بە زمانی (تورکی عوسمانی و عەرەبی) دەگوتراوە کە ئەو قوتابخانەیە تا قۆناغی سێیەم بووە، پۆستەچی ئەم سێ قۆناغەی بەسەرکەوتوویی بریوە و زۆر زیرەک بووە تەقدیری بە پلەی (علی الاعلی) بووە کە لە سەر ئەنجامی دەرچوونەکانی تۆمار کراوە، دوای تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی حەزی کردووە قۆناغی ناوەندیش تەواو بکات بەڵام باوکی(عەباس) رێگای پێنەداوە خوێندن تەواو بکات، ماوەیەک لە لای (قادربەگ) گەورە میری عەشیرەتەکانی خۆشناوەتی ئەو کات (کاتب) بووە دواتر لە فەرمانگەکانی پۆستە و گەیاندنی، کاتی خۆی، وەک(پۆستەچی) دادەمەزرێت کە ئەو کات لە لایەن(هیندەکان)لە ناوچەکە بەرێوە دەچوو بە (مأمور برید) دامەزراوە و لەم بوارە(45)ساڵ خزمەتی هەبوو، (مام کەریم)لە کارەکەی خۆیدا زۆر دڵسۆز بووە، تەنانەت رۆژانی جەژنیش لە کارەکەی بەردەوام بووە و نەیهێشتووە نامەی کەسی لابمێنێت دەست بەجێ بۆ خاوەنەکەی گەراندۆتەوە، جگە لە زمانی خۆی زمانی (تورکی و عەرەبی و هیندی و ئینگلیزی) هەندێکیش شارەزایی لە زمانی فارسی هەبووە هەروەک لەسەرەوە ئامارژەم



پێکرد ئەو کات فەرمانبەراکانی فەرمانگەی پۆستە هەندێکیان (هیندی) بوون، (مام کەریم) لەساڵی 1963 خانەنیشین کرا لە تەمەنی(63)ساڵیدا و لە کارەکەی خۆیدا چەندجار تەکریم کراوە و موچەی لەم کارەیدا(40)روپیە بووە کە دەیکردە(60)درهەمی عێراقی،یەکێ لە تایبەتمەندیەکانی و عادەتی(مام کەریم)لە ژیانی خۆیدا حەزی نەکردووە خۆی ریشی خۆی بتاشێت بەڵکو سەرتاشی تایبەتی خۆی هەبووە هەتا دوا ساتەکانی تەمەنی(سەرتاش) دەهات لەماڵەوە سەرتاشی بۆ دەکرد.(مام کەریم)پیاوێکی موسڵمان و لەخواترس بوو هەردەم دەم بەزیکربووەو لە دوای خانەنیشنبوونی، حەزی لە خوێندنی کتێبی شیعر و ئەدەب و عوسمانی و فیقهی بووە و چەند کتێبێکی لەم بابەتەی هەبووە، لە کاتی کۆچرەوەکەی ساڵی 1991 لەگەڵ کەس و کاری دەچێتە ئێران، بەهۆی سەرما و سۆڵی رێگا دوای نەخۆش کەوتنی لەوێ کۆچی دوایی دەکات و لە شاری(نەغەدە) بە خاکی دەسپێرن و ئێستاش گۆرەکەی هەر لەم شارەیە، لە هەشتاکان کاتێک لەگەڵ (مام کەریم) پۆستەچی دووایین، دەروونی پربوو لە خۆشەویستی بەرامبەر بە کارەکەی، ئەوە راستە تەمەنی تێپەری بوو، بەڵام کاتێک دەروونی کردەوە، لە خۆشەویستی بۆ پیشەی پۆستەچیەتی تەواو نەدەبوو، تەنانەت دەیگوت ؛ من تەمەنی خۆم بەوە بەخشی، کە نامەی خۆشەویستی و هەواڵی خۆشی بۆ خەڵکی ئەو شارە دێرینە بێنم و ئەم کارەشم بەقەد منداڵەکانم خۆشدەوێ !.